هاوسەرۆکانی DTP رووبەرووی سزا دەبنەوە

سەرۆکی دادگەی ئەنقەرە دەیەوێ سزا بەسەر (ئەحمەد تورك و ئایسەل توگلوك) هاوسەرۆکانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە پارتێکی باکوری کوردستانە بسەپێنرێ.

کورشات کایرال دۆزگەری چاپەمەنی لەئەنقەرە بڵاویکردەوە بەهۆی ئەو راگەیاندنەی کە 8-3-2006 لەلایەن پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی سەبارەت بەعەبدوڵڵا ئۆجەلان بڵاوکراوەتەوە، دەبێ هاوسرۆکانی ئەو پارتە دادگەیی بکرێن و زیندانی بکرێن چونکە راگەیاندنەکە دژی یاسای رۆژنامەوانیە.

دۆزگەری دەڵێ: ئەو پارتە لەراگەیاندنەکەیدا وەك پەیامبەرو پەیکی ئاشتی ناوی ئۆجەلانی هێناوە، ئەمەش تاوانێکەو دەبێ سزا بدرێن.

دەوڵەتی تورك وانەو پەندی لەرابردوو وەرنەگرتووە، لەکاتێکدا لەبەر دەرگەی یەکێتی ئەورووپا راوەستاوەو چاوەڕانە جێگەی بکەنەوە، کەچی لەهەوڵی خنکاندنی ئازادی تاکەکەسیو رامانی ئازاد دایەو سەرسەختانە دژایەتی لەگەڵ مافی نەتەوەی کورددا دەکات.

هەڵوێستی بەرز

* کۆمەڵێ کرێکار لەچەمچەماڵەوە بەمەبەستی بارکردنی ترێلەیەکی جۆ دەچن بۆ دەشتی هەولێر، کاتێ دەگەن بەشوێنی کارەکە، کابرای فرۆشیار پرسیار دەکات ئەرێ ئەم کرێکارانە جەلالییان تێدایە؟!!، ئەوانیش دەیکەن بەگاڵتە دەڵێن ئەم کورە جەلالییە. ئەویش دەڵێ وەڵاهی هەقی ئەوەیە وەك (.....) بکوژرێ، وەڵاهی مادام ئەمەتان لەگەڵە، جۆیەکەتان نادەمێ.. دوای رِجارو تکایەکی زۆرو داوای لێ بووردن کە گوایە بەگاڵتە ووتویانە جەلالییەو ئەمیش هەر لەخۆمانە ئینجا پیاوەکە نەرم دەبێو جۆیەکەیان دەداتێ!!.

* خاڵۆبازیانی گوندێکی گەورەی ناوچەی قەرەحەسەنە، ئیدارەی سلێمانی بۆ 600 ماڵ بە بێ جیاوازی ئاوەدانی کردۆتەوە، کەچی رێکخراوێکی خێرخوازی ئیدارەی هەولێر لە هەفتەی رابردوودا هاتووە (مەڕ)ی دابەشکردووە تەنها بە (دوو _سێ) ماڵی داوە، ئیتر نازانرێ هۆیەکی حیزبییە یان شتی دیکە؟!!...

* مزگەوتێك لەچەمچەماڵ بنیات نراوە، 4 ساڵە هێشتان تەواو نەکراوە، زیاتر لەساڵێکیشە (1 بلۆك) کاری تیا نەکراوە، کەچی سەرپەرشتیارەکەی هەموو مانگێ (1000) دۆلار وەردەگرێ، جگە لەهەندێ شتی دیکە.....

* کاتژمێر 11:10 رۆژی 2006/7/1، لەبەردەم نەخۆشخانەی کۆماری لەشاری کەرکوك بووبە تەقە، خەڵك و شۆفێرەکان شڵەژان و بوو بەڕاکە ڕاکە، زۆرکەس وایان زانی شەڕە، تومەس ئەمە بەرپرسەو سەردانی ئەوە نەخۆشخانەیەی کردووە لەکاتی دەرچووندا بۆ ئەوەی جادە چۆڵ بێت، پۆلیسەکان تەقەیان کردووە.

* چاپخانەکانی سلێمانی لەم مۆنیالەدا وێنەیەکی یەکجار زۆریان چاپ کرد، هەم بۆ قازانجی خۆیان هەم گوایە خزمەت بەوەرزشو خۆشەویستانی تیپەکان دەکەن!!، بەڵام ئەوەندە شتی سەیرو سەمەرەی تیایە هەر باس ناکرێ. یاریچی وا هەیە هەرجارەی ناوی وڵاتێك لەپشت وێنەکەی نووسراوە، هی واشیان تێدایە شەش حەوت مەوالیدی بۆ دانرا جاری واهەیە زۆرمناڵو جاریش هەیە زۆر گەورە!!.

* کاتێ فەرەنسا لەبەرازیلی بردەوە ئاسمانی کەرکوك و چەمچەماڵ ئەتوت دەنوکی کەوە، لەگەڵدا سوور بووبوو. ئاکام چەن سووکە بریندارێکی لێ کەوتەوەو هەندێکیش لەسەربان خەویان لێ هەراسان بوو. جا نازانرێ لەخۆشی بردنەوەی تیپی شینی فەرەنسا بوو یان لەخۆشی دۆڕاندنی تیپی زەردی بەرازیل!!.

* مانگو نیوێکە تاقیکردنەوە گشتییەکانی قۆناغی سەرەتایی کۆتایی هاتووەو هێشتا ئەو بڕە پارەیەی بۆ بەڕێوەبەری هۆڵەکان دانرابوو (قائیمە سفر) سەرف نەکراوە، کەچی بۆ هەندێ شتی وا پارە سەرف کراوە هەر لەم کاتی تاقیکردنەوانەدا ئەسڵەن بنچینەو بنەڕەتی هەر نەبووە. بەتایبەت لەپەروەردەی چەمچەماڵ.

مستەشارەکانی زەمانی بەعس مووچەی تایبەتیان بۆ دەبڕێتەوە

بەپێی سەرچاوەیەك کۆنە مستەشارەکانی فەوجی خەفیفەی سەردەمی بەعس بەتایبەتی ئەوانەی لەدوای راپەڕینی بەهاری 1991 بەرەو شارەکانی موسڵو سەڵاحەدینو کەرکوك رۆیشتن، بڕیاروایە لەکۆنگرەی ئاشتەوایی بەشداربنو قەرەبووی مووچەکانی سەردەمی بەعسیشیان بۆ بکرێتەوە، مانگانە مووچەی خانەنشنییان بۆ ببڕێتەوە، وەك ئەفسەرە کۆنەکانی رژێم حیسابیان بۆ بکرێ. شیاوی باسە ئەم مستەشارانە زۆربەیان پەیوەندیان بەهەردوو حزبی دەستەڵاتدار کردووە. لەدوای رووخانی بەعس 2003 پلەوپایەشیان هەیە، هەندێکیان وەك کەسایەتی ناوچەیی مانگانە هاوکاری باش وەردەگرن.

سۆران: خانووبەرە کێشە پەیدادەکا

* شارەوانی سۆران لەگەڵ مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی کێشەو ناکۆکی لەنێوانیان دروست بووە لەسەر تەجاوزکردنی بارەگای مەڵبەندو کۆڵانێکی گەڕەکەکە، کە شارەوانی سۆران نەخشەی ناوچەکەی دەستکاری کردووەو رێگەی گشتی کردووە بەشوێنی نیشتەجێبوونو بەلایەنگرێکی خۆیان داوە بەناوی (ف.ب)، ئەویش رێگەی مەڵبەندی گرتووە. شیاوی باسە لێپرسراوانی مەڵبەند سکاڵایان بۆ قایمقام بەرزکردۆتەوە، بەڵام وەڵامی نەبووە، کێشەکە رووبەڕووی ئەنجومەنی وەزیران کراوەتەوە. هەمان سەرچاوە ووتی: نەخشەی بنەڕەتی شوێنەکەمان دەست کەوتووە کە لەبنەڕەتدا کۆڵانەو نیشتەجێ نیە، ئێمە ئەم خانووەمان لە 2003 کڕیووە، بەڵام دەیانەوێ کێشەمان بۆ دروست بکەنو بەناشەرعی شوێنەکە تاپۆ بکەن، هەروەها لەسەرزەویو خانووبەرە زۆر کێشەو گرفتی دیکەیان بۆ ئەندامو لایەنگرانی ئێمە دروست کردووە، بەڵام بێ دەنگ بووینە، لەمەو دوا بێ دەنگ نابین..

کارمەندانی تەندروستی دوا مۆڵەت بۆ حکومەت دیاردەکەن

هەواڵەکان: جەبار محەمەد ئەمین سەرۆکی سەندیکای بایلۆجی کوردستان رۆژی هەینی 7-7-2006 لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە ئەوان پێتشتر لەمیانەی یاداشتێکدا چەندین داخوازیان لەحکومەت کردبوو، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، جا ئەگەر تا 18ی ئەم مانگە حکومەت وەڵامیان نەداتەوە، ئەوان، کارمەندانی تەندروستی لەسەرتاپای دامەزراوە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەست بەمانگرتن دەکەن.

شیاوی باسە لەسەرەتای ئەم مانگەدا پێنج سەندیکای تەندروستی یاداشتێکیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم بەرزکردبۆوەو داوایان لێکردبوون کە لەهەنگاوی یەکەمدا بڕی 150 هەزار دینار وەك دەرماڵەی ترسناکی بۆ کارمەندان ببڕێتەوە. لەلایەکی دیکەوە زانراوە کە سەندیکای پەرستیارانی کوردستانیش دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ ئەو پێنج سەندیکایەو ئەگەر وەڵام نەبێ، لەگەڵ ئەواندا بەشداری لەمانگرتن دەکەن.

پاسەوانانی سنوور کاروانچیەك دەکوژن

رۆژی 5-7-2006 لەگوندی رەزگەی سەر بەناحیەی سەنگەسەر پاسەوانانی سنوور دەستڕێژی لەکاروانچیەك دەکەنو دەیکوژن.

پاسەوانان رایانگەیاندووە کە ئەوان داوایان لەو کەسە کردووە کە بوەستێ، بەڵام رانەوەستاوەو رایکردووە، بۆیە دەستڕێژیمان لێکردووە، بەداخەوە گوللەیەکی بەرکەوتووەو گیانی لەدەست داوە. تا ئامادەکردنی ئەو هەواڵە روون نەبۆتەوە کاروانچیەکە چی پێبووە، بەڵام رۆژانە دەیان کەس بۆ بژێوی بنەماڵەکانیان بە کۆڵەپشت باری قاچاغ دەگوازنەوە. تا ئێستا چەندین رووداوی دڵتەزێن رووبەرووبان بۆتەوەو زیانی گیانیو ماددی پێگەیاندوون.

باڵەکایەتی:

لاوان گەلەییان لەوەزارەتی رۆشنبیری هەیە

* کۆمەڵێك رۆشنبیرو لاوانی باڵەکایەتی رەخنە لەحکومەتی هەرێمو وەزارەتی رۆشنبیری دەگرن. دەربارەی نەبوونی کتێبخانەیەك لەو سنوورە فراوانو ناسراوەی کوردستان گلەیی دەکەن، لەکاتێکدا کە زانستو تەکنەلۆژیای نوێ دنیای کردۆتە گوندێکی بچووك. وەبیری لێپرسراوانی حکومەت دەخەنەوە، کە لەسەردەمی کۆندا چەندین زاناو کتێبی زانستیو فەلسەفی لەم دەڤەرە سەری هەڵداوەو مالۆپرانیو کوشتنی خەون هیوای گەنجەکانە بۆ کتێبخانەیەك نەبێ؟!، لەکاتێکدا دەیان رەبیەو بارەگای حزبیو عەسکەری لێیە، داواکارن لەوەزارەتی رۆشنبیری داواکەیان جێبەجێ بکات.

سوپاسو پێزانین

بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگاکانی ناحیەی شۆرش سوپاسی خۆیان ئاراستەی بەڕێوەبەری ناحیە دەکەن بەهۆی تازەکردنەوەی مۆڵەتی بەنزین پێدانیان لەرۆژانی هەینی بەهۆی ئیشوکاری تایبەتی پەرەوەردەیانەوە، نموونەیان رۆربێت.

لەگەڵ رِێزماندا

هەڵوێستی

منداڵێك بە ژەهری دووپشك دەمرێ

* رۆژی 2006/6/24 لەگوندی تۆربەی بناری کۆسرەت دووپشك بەمێرمنداڵێکی تەمەن 13 ساڵی وەدا بەناوی (محەمەد سەعید) بوو، رەوانەی نەخۆشخانەی رانیە دەکرێ، دوای چەند رۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە، گیان لەدەست دەدا.

کچێکی گیان لەدەست دەدات

* رۆژی 2006/6/22 لەگوندی هاودیانی سەر بەقەزای سۆران کچێك بەناوی (هـ. ف) تەمەن 16 ساڵان بەئاوی گەرم سووتا، دوای دوو رۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانەدا گیانی لەدەستدا.

لەبێ بەڵێنی دەستی لەکارکێشایەوە

* بەهۆی جێبەجێ نەکردنی داخوازیەکانی شارەوانی سەروچاوە لەپرۆژە خزمەتگوزاریەکانو دابەش نەکردنی زەوی بۆ فەرمانبەرانو وڵاتیانی ناحیەکە. رۆژی 2006/7/2 مامۆستا مەحەمەد خۆشناو دەستی لەکار کێشایەوەو ڕایگەیاند: دوای چەندین جار بەڵێندان لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بۆ راپەڕاندنی کارەکانی شارەوانی سەروچاوەو جێبەجێ نەکردنیان هیچ ئومێدو گەشبینیەك نەماوە تا درێژە بە کارەکەم بدەمو دەستەڵاتەکەشم شەرعیەتی نەماوەو 2 ساڵی بەسەرچووە.

شوانێك بە مین دەکوژرێ

*رۆژی 2006/6/21 لەکوێستانەکانی حاجی ئۆمەران مینێکی پاشماوەی رژێمی بەعس بە شوانێك بەناوی (خولە وەلی) تەمەن 34 ساڵ دا تەقیەوەو دوای چەند رۆژێك گیانی لەدەستدا.

سۆرەبانان لەنێوان موەلیدەی یەکێتیو پارتیدا

* مەڵبەندی 6ی سۆرانی یەکێتی موەلیدەیەکی کارەبایی بۆ گوندی سۆرەبانان دابین کرد. لەرۆژی 2006/6/27 بەڵام لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە موەلیدەکە لەخەڵکی گوندەکە سەندرایەوەو لەبری ئەوە موەلیدەیەکی کۆنیان بۆ دانان. هەندێك جار موەلیدە کۆنەکە لەکار دەکەوێت، ئەمەش بووە مایەی تووڕەبوونو نێگەرانیەکی زۆری لەلای خەڵکەکە دروست کردووەو دەڵێن حکومەتی هەرێم بەم حاڵە یەکی گرتۆتەوە!، یاری بەچارەنووسی خەڵکیەوە دەکەن.

کوردێك لەیۆنان گیان لەدەست دەدا

*بەپێی هەواڵ، وڵاتیەکی خەڵکی سەروچاوەی دەڤەری بتوێن کە 3 ساڵە لەیۆنان دەژی، ناوی رێبوار میرزا عوسمانەو تەمەن 27 ساڵە، بەهۆی رووداوی ئۆتۆمۆبیلەوە گیانی لەدەستداوە. شیاوی باسە رۆژی 2006/7/2 کەسوکاری ناوبراو پرسەیان بۆ داناوەو لەهەولی هێنانەوەی تەرمەکەیدان بۆ خاکی کوردستان.

شۆفێرێك گیانی لەدەست دەداو 2 کوڕیشی بریندار بوون

*رۆژی 2006/7/1 لەسەر رێگەی نێوان پیرمام – گوندی زیارەت وڵاتیەك بەناوی (لەتیف هەینی) لەئەنجامی پێکدادانی دوو ئۆتۆمۆبیل گیانی لەدەستداوە. شیاوی باسە ناوبراو دوو کوڕی خۆشی لەگەڵدابووە لەکاتی پێکدادانی ئۆتۆمۆبیلەکاندا، بەڵام خۆشبەختانە کوڕەکانی بەسووکی زامدار بووینە. ئەوەی جێگەی باسە ناوبراو خەڵکی گوندی زیارەتی مەلازادەی سەر بەناحیەی پیرمام بووە، خاوەنی 8 سەرخێزانە.

رانیە: ئافرەتێك گیانی لەدەست دەدا

*رۆژی 2006/7/2 لەگەڕەکی ئازادی رانیە ئافرەتێك بەناوی (ل.ع) لەکاتێکدا هەولی دەدا کلاشینکۆف لەناو کانتۆرەکە دەربێنێت، بێ ئاگابووە لەوەی کە چەکەکە سوراوکراوە، لەئەنجامدا بەڕوویدا دەتەقێتەوەو ئافرەتەکە گیانی لەدەستداوە.

تەرمی ژنێك دەدۆزرێتەوە

کاتژمێر 11ی رۆژی 6-7-2006 لەئاقاری گوندی ئەستریلانی سەر بەناحیەی حاجیاوا تەرمی ژنێك دۆزرایەوە. بەگوێرەی قسەی ئەوانەی تەرمەکەیان بینیووە، قوربانیەکە بەگوللە کوژراوە. خەڵکی دەڤەرەکە هۆکاری کوشتنەکە بۆکێشەی کۆمەڵایەتی دەگێڕنەوەو دیاردەکەن کە ئەو ژنە ناوی (هـ.ع) بووە، کێشەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هەبوو، لێی تۆرابوو، ماوەیەك بوو لەماڵی باوکی دەژیا، رۆژێك پێش کوشتنی چۆتەوە لای هاوسەرەکەی، بۆیە گومان لەهاوسەرەکەی دەکرێ.

دواتر تەرمەکە رەوانەی نەخۆشخانەی رانیە کرا، پۆلیسیش پەروەندی تایبەتی بەو رووداوە کرۆدتەوەو وا چاوەڕوان دەکرێ لەداهاتوودا زانیاری زیاتر سەبارەت بەو تاوانە ئاشکرابێ.

پێشبینیەکانی خوێندکارانی 6 وێژەیی راست دەرناچن

*لەسنووری راپەڕین خوێندکارانی شەشەمی وێژەیی وایان پێشبینی دەکرد کە لەتاقی کردنەوەی سەری ساڵ لەوانەی مێژوو نمرەیەکی باش بەدەست بهێنن، بەڵام پرسیارەکان زیاتر لەسەر کتێبی مێژوویی لابراوی پار دانرابوونو کتێبی ئەمساڵیش لەزۆر رووەوە فەرامۆش کرابوو، ئەمەش مایەی ناڕەزاییو بێزاری خوێندکاران بووە، نازانرێ ئەو مامۆستایانەی کە پرسیارەکانی کۆتایی ساڵیان هێناوەتەوە بە بڕیاری کێ پشتیان بەکتێبی کۆن بەستووە!، ئایا دەستەڵاتێکی سەروو بۆ ئەوە رایسپاردوون یان خۆیان ئاگایان لەگۆڕینی کتێب نەبووە.